

مەلەک ڕۆژهات:

# ئەوانەی داوای کوشتنی منیان دەکرد، ئێستا پیرۆزبایی و دەستخۆشیم لێدەکەن



**مەلەک یەکێکە لەو کچە هونەرمەندانەی کە لە سەرەتای تەمەنیدا ڕووبەڕووی داب ونەریتە باوەکانی کۆمەڵگای کوردستانی بۆوە، بەڵام ئەو کۆڵی نەدا و لە گۆرانی وتن هەر بەردەوام بوو، بەر لە ئێستا تووشی نەخۆشییەک هات کە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەیەک، سەبارەت بە نەخۆشییەکەی و چەند پرسێکی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.**

**• ماوەیەکە هەست دەکرێ کە تۆ بێدەنگی و دەرناکەویت، دەکرێ هۆکاری ئەم دوورکەوتنەوەت بزانین؟**

- هۆکاری دوورکەوتنەوە و دیار نەمانم بۆ تووش بوونم بە نەخۆشییەك دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی نەخۆشییەکەم ماوەی چوار ساڵی خایاند و لەو ماوەیەدا چارەسەری جۆراوجۆرم وەرگرت و چوار نەشتەرگەریشم ئەنجامدا بێ ئەوەی کەس لە دیمانەکانمدا هەست بەوە بکات، چونکە هەر لەو ماوەیەدا چالاکیی هونەری و دیمانەی تەلەفزیۆنیشم هەبوو، بەڵام لە هیچ دیمانەیەکدا تا ئێستا باسم نەکردووە، نەخۆشییەکەم وابوو کە پێویست بوو لەرووی سایکۆلۆژییەوە بە تەواوی ئامادەم و ورەشم زۆر بەرز بێت بۆ ئەوەی بتوانم بەسەریدا زاڵ بم، هەرواش بوو من بە بڕوایەکی تەواو بە خۆم و بە ورەیەکی بەرز و پشت بەستن بە خوای گەورە ڕووبەڕووی نەخۆشییەکە بوومە و سەرکەوتم بەسەریدا، هەر ئەوەش بوو وایکرد بۆ ماوەیەك لە هونەر دووربکەومەوە.

**• چالاکییەکانت چۆن بوون لەو ماوەیەدا هەر نەبوو یان کەم بوو؟**

- من لەو ماوەیەدا زۆر خەریکی چارەسەر وەرگرتن بووم و پزیشکیش ئامۆژگاری کردبووم گۆرانی نەڵێم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش چالاکیم هەبوو و ١٦ کۆنسێرتم لە شاری وان ساز کرد، چونکە بڕوام وایە پێویستە مرۆڤ بە گەشبینییەوە لە ژیان بڕوانێت و بە ژیان پێبکەنێت نەك ژیان پێی پێبکەنێت، ژیان شۆڕش و خەباتی بەردەوامە، بەڵام گرنگترین شت بۆ مرۆڤ لە ژیان تەندروستییەکی باش و دوور لە نەخۆشییە، بێگومان خانەوادەکەشم نەیاندەزانی نەخۆشییەکەم چییە تەنها باوکم ئاگاداری جۆری نەخۆشییەکەم بوو و ئێستاش تەندروستیم زۆر باشە.

**• پزیشکەکان ڕێیان پێدایت گۆرانی بڵێیت؟**

- بەڵێ، چونکە نەخۆشییەکەم هیچ پەیوەندییەکی بە دەنگمەوە نەبوو و وەك وتم لەو ماوەیەدا چەندین کۆنسێرتم ئەنجامدا و بەرهەمیشم بڵاوکردەوە.

**• پێش چەند ساڵ تۆ لە کوردستان ژیانت بەسەر دەبرد و نەتدەتوانی بگەڕێیەوە تورکیا، بەڵام ئێستا هەست دەکرێ زۆر لە کوردستان نامینێیتەوە هۆکاری ئەمە چی بووە؟**

- ڕاستە پێش ئێستا من و باوکم لە کوردستان بووین، چونکە من و باوکم گرفتمان هەبوو ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر منەوە هەبوو تەنانەت ئەم کاریگەرییە بەسەر دوایین کلیپی منیشەوە هەبوو، چونکە سکاڵای زۆرم لەسەر هەبوو لەلایەن پۆلیسەوە، بەڵام ئێستا ئەو گرفتانە چارەسەر بوون و هەرچەندە من خۆم خەڵکی (وان)م لە ئەستەنبول ژیان بەسەر دەبەم و بە نیازم لە ماوەیەکی نزیکدا سەردانی باشووری کوردستان بکەم.

**• وەك هونەرمەند ئەو دەرفەتەی بۆ تۆ لە کوردستان هەبوو لە شارێکی وەك ئەستەنبولیش هەیە بۆ نموونە بەرهەم بڵاوبکەیتەوە و کۆنسێرت ساز بکەیت؟**

- هەڵبەت ئیستەنبول میترۆپۆلە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس دەبن، لەو شارە گەورەدا هەموو کەسێك دەتوانێت بژیت و کار بکات، بەڵام لە باکووری کوردستان و شاری وان دەرفەتەکان زۆر کەمن تەنانەت لە باشووری کوردستانیش دەرفەتەکان زۆر کەمن، بەشێوەیەکی گشتی لە باکووری کوردستان و ئەورووپا دەرفەتەکانی بەردەم گۆرانیبێژ زیاتر ئەگەر بیەوێ دەرکەوێت و کار بکات هەر ئەمەشە وایکردووە زۆربەی هونەرمەندان ڕوو لە باکوور بکەن.

**• چەند ساڵە بەشێوەیەکی فەرمی دەستت بە کاری هونەری کردووە، واتە بڵاوکردنەوەی بەرهەم؟**

- بێگومان من لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە گۆرانی دەڵێم، بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەوە حەوت ساڵە من کاری هونەری بەشێوەی پرۆفیشناڵ و کوالێتی بەرزەوە ئەنجام دەدەم و بەرهەمم بڵاودەبێتەوە و لەگەڵ هونەرمەندانی ئاست بەرز و موزیسیان و مامۆستایانی هونەریی ناودار کار دەکەم و زۆر شتیان لێ فێر بوومە لە بواری هونەری پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەیان هەیە و خاوەن دوو ئەلبوومی تایبەتی خۆمم لەگەڵ چەند گۆرانییەکی سنگڵ.

**• باست لە دوو بەرهەم و خۆ ئامادە کردن بۆ چەند گۆرانییەکی سینگڵ کرد، بۆچی هونەرمەندان ڕوویان لە گۆرانی سینگڵ کردووە ئایا لە ڕووی ماددییەوە سوودی بۆ هونەرمەند هەیە یان لەڕووی هونەرییەوە؟**

- لە هەردوو ڕووەوە سوودی هەیە، چونکە بۆ دروستکردنی ئەلبوومێك ماوەیەکی زۆر خەریك دەبیت لە کۆکردنەوەی تێکست و ئامادەکردنی ئاواز و دۆزینەوەی موزیسیان و ئەرانجۆر ئەمەش کاتێکی زۆر و توانای ماددی زۆری دەوێ، دواتر دەبێ بە دوای سپۆنسەردا بگەڕێیت ئەگەر هەبوو، ئەگەر نەبوو ئەوا دەبێ بەرهەمەکە بڵاوبکەیتەوە لەسەر خەرجی تایبەتی خۆت و لە پێش چاویشت کۆپی دەکرێت بێ ئەوەی بتوانی هیچ بکەی، بەڵام لە سینگڵدا کارەکە جیاوازە، ٤-٥ گۆرانی دەدۆزییەوە کە لە کۆمەڵە گۆرانییەك هەڵیاندەبژێریت و کاری لەسەر دەکەیت و هەموو تواناکانی خۆت بۆ یەك بەرهەم تەرخان دەکەیت ئینجا کلیپێکی جوانی بۆ دەکەیت و کار کردن تێیدا ئاسانە و کاتی زۆریشی ناوێ.

**• کاری سینگڵ تەنیا لەنێو هونەرمەندانی کورددا هەیە؟**

- نەخێر لە هەموو جیهاندا هونەرمەندان ئەمە پەیڕەو دەکەن، لە تورکیا جاران بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام ئێستا بەزۆری روویان کردووەتەوە گۆرانی سینگڵ و گرنگییەکی زۆریشی پێدەدەن.

**• لە ماوەی ٧ساڵی تەمەنی هونەریتدا، هەست دەکەیت شوێنی خۆت کردووەتەوە لەنێو هونەرمەندانی کورد؟**

- پێش هەموو شتێك باسی کەسایەتیی خۆم دەکەم و هەست دەکەم خەڵك رێز لە کەسایەتیی من دەگرێت، چونکە هەوڵمداوە زمان و کەلتوور و هونەری کوردی بپارێزم و پێشی بخەم، لەلایەکی دیکەوە من بەرامبەر بە یەك عەشیرەت راوەستام کە دژی ئەوە بوون گۆرانی بڵێم، هەروەها بەرامبەر بە دەوڵەتیش تووشی رووبەڕووبوونەوە بوومەوە، ئەمانە کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبوو و بەهێزتریان کردم، بۆیە کاری هونەریم دیارە، ئەو کەسانەی فێریشم کردن و لێیان فێربووم دیارن، بۆیە رێزو ستایشی من و کاری هونەریم دەگرن.

**• ئایا لە بەرامبەر ئەو ماندووبوونە کۆمەڵگای کوردی مافی تۆی داوە؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك مافی منیان نەداوە و دیارە بە درێژایی مێژووی ئێمەی ئافرەتی هونەرمەند لە کۆمەڵگای کوردەواریدا مافی خۆمان پێنەدراوە و رێز لە هونەرەکەمان نەگیراوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش دەبینین ئێستا پێشڤەچوونێك هەیە و ئافرەتی کورد بوونی خۆی لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگادا سەلماندووە لەوانەش بواری هونەری، بەڵام ئەو ماندووبوونەی من لەو تەمەنە زووەدا بینیم هیچ کاتێك قەرەبوو ناکرێتەوە.

**• عەشیرەتت نەکردە قوربانی هونەر؟**

- نەخێر عەشیرەتم نەکردە قوربانی هونەر من بەرامبەر بە عەشیرەتێك وەستام ئەمەش لەوە زەحمەتتر بوو کە چەك هەڵبگرم و بچمە چیا و بووە هۆی ئەوەی کە داوایان کرد بمگرن، بمکوژن، بە شووم بدەن، دوورەپەرێزم بکەن، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە من کۆنسێرتم بۆ ئەو کەسانە کرد و بە هەزاران کەس ئامادەی بوون.

**• لە گۆڕینی بیرکردنەوە و بیروڕای عەشیرەتەکەت سەرکەوتوو بوویت؟**

- بەڵێ زۆریش سەرکەوتوو بووم، زۆر لەو کەسانەی کە داوای کوشتن و گرتنی منیان دەکرد ئامادەی کۆنسێرتەکەم بوون و دەستخۆشییان لێدەکردم و لە هەمان کاتدا داوای لێبوردنیان لێکردم ،ئەمەش بۆ من مایەی شانازییە.



# ئیڤا: پۆستەرەکەم زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو کە قەدەغە بکرێ

خانمە ئەکتەری فەرەنسی ئیڤا گرین پاڵەوانی بەشی دووەمی فیلمی (٣٠٠) ئێستا سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی فیلمە نوێیەکەیەتی کە بە ناوی (Sin City: A Dame to Kill For)ە، کە لە مانگی ئابی داهاتوودا بە فەرمی نمایش دەکرێت و بەم دواییە ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی پۆستەرێکی فیلمەکەی گیرا لە لایەن کۆمەڵەی فیلمی ئەمریکی، وەك پۆستەری زۆربەی فیلمەکانی پێشووی وروژێنەر و سەرنجڕاکێش بوو و بە شیاو دانەنرا بۆ بڵاوکردنەوە.

کۆمەڵەی فیلمی ئەمریکی بۆ ئەوەی ڕێگا بە بڵاوکردنەوەی پۆستەرەکە بدات بڕیاری دا چەند گۆڕانکارییەکی تێدا بکرێ ئەوەی جێی سەرنج بوو ئیڤا بڕیارەکەی بە بڕیارێکی ئاسایی دانا و بە هیچ شێوەیەك دژی ئەم بڕیارە نەوەستا، بەڵام هەندێك تێبینی بچووکی لەسەر بڕیارەکە هەبوو، سەرپەرشتیارانی فیلمەکەش لەسەر داوای کۆمەڵەکە و بە پشت بەستن بە تێبینییەکانیان پۆستەرەکەیان بەشێوەیەك گۆڕی کە ڕەزامەندی لەسەر بڵاوکردنەوەی بدات و تێیدا ئیڤا بە جلێکی سپی تەنکەوە دەردەکەوێت. ئیڤا لە بەرامبەر گۆڕینی پۆستەرەکە هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، ئەوەی سەیر بوو دوای ئەوەی سەیری پۆستەرە کۆنەکەی کرد وتی: من ڕێز لە بڕیارەکەیان دەگرم، بەڵام وابزانم پۆستەرەکە رووت نەبوو تاکو بڵاو نەکرێتەوە وەك ڕایانگەیاند تەنیا ئەوە نەبێ هەندێك سەرنجڕاکێش بوو ئەویش زۆر ئاسایی بوو بەلای منەوە، زۆر شتی دیکە هەیە جگە لە پۆستەرەکە کە بانگهێشتە بۆ توندوتیژی باس ناکرێ، بەڵام باس لە وروژاندن دەکرێت لە پۆستەرێك کە هەموویشی وانییە، من پۆستەرەکەم بە دڵ بوو، بەڵام نازانم خەڵکی تووشی شۆك کردووە یان نا، بەڵام نامەوێ کەس بێزاربکەم.



# سۆزان نەجمەدین لە مردن ڕزگاری بوو

لەکاتی گەڕانەوەی لە کوێت بۆ بەیروت ئەو فڕۆکەی کە سۆزان نەجمەدینی ئەستێرەی سوری تێدا بوو، لە ڕێگادا تووشی ڕووداوێکی سروشتی هاتن و زۆری نەمابوو فڕۆکەکە بکەوێتە خوارەوە. لەم بارەیەوە سۆزان ڕایگەیاند کە ڕووداوەکە زۆر ناخۆش بوو و زیرەکی و لێهاتوویی تیمی فڕۆکەکە بووە هۆی ڕزگار بوونیان و گەیشتنیان بۆ بەیروت بە سەلامەتی، سۆزان لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری (هی) وتی: من سەلامەتم سوپاس بۆ خوا، هەرچەندە ساتێکی ناخۆش بوو، بەڵام هیچ کاتێك زەردەخەنە لەسەر لێوم دوور نەکەوتەوە، چونکە بڕوای تەواوم بە قەزا و قەدەر هەیە.

**سۆزان هەروەها وتی:** زۆر خۆشحاڵم بەوەی ئەندامی لیژنەی دادوەرانی (مۆرکس دۆر) م، چونکە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن هەموو ئەستێرەکانی سینەما و تەلەفزیۆن و میدیاکانەوە. لەلایەکی دیکەوە لە هەمان دیمانەدا سۆزان باسی لە پەیوەندیی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی کرد و بە پەیوەندییەکی زۆر باشی وەسف کرد و خۆی بە بەختەوەر زانی لە ژیانی هاوسەرێتیدا، لەم بارەیەوە سۆزان دەڵێ: من زۆر بە ختەوەرم لە ژیانی هاوسەرێتیمدا لەگەڵ منداڵ و هاوسەرەکەمدا، زۆر جار سەرقاڵی گفتوگۆی سیاسین، چونکە ئێستا لە ناوچەکەی ئێمە سیاسەت بووەتە نان و ئاو و هەموو کەسێك ناچارە باسی سیاسەت بکات، هەر ئەمەش وایکردووە کە بیروبۆچوونی سیاسیمان یەك نەبێت بەڵکو زۆر جیاوازیشە، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەریی بەسەر ژیانی خێزانیمەوە نییە، چونکە هەردووکمان ڕێز لە بیروباوەڕی یەکتری دە گرین و بە هیچ شێوەیەك دەست ناخەینە نێو ژیانی تایبەتی یەکترییەوە و خۆمان زۆر بە بەختەوەر دەزانین.





# نورگول: خۆشەویستی گندۆرەیە

خانمە ئەکتەری ناوداری تورکی نورگول ئیشـــیلجای کە بە (یاســـەمین) ناسراوە رەتی کردەوە کەوتبێتە داوی خۆشەویستیی پیاوێکـــی بە تەمەن کە هاوســـەر و چەند منداڵی هەیە و ئەم پروپاگەندەیە بە کارێکی بێزارکەر و ناخۆش و زەحمەت لە رووی دەروونی و سۆزدارییەوە وەسف کرد و سەرسوڕمانی خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە پروپاگەندانە دەربڕی کە هیچ سوودێکی نییە.

نورگول لەم بارەیەوە وتی: هیچ کەسێك نازانێت کەی و چۆن و لەگەڵ کێ دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە، بەڵام من بە راســـتی نازانم، چونکـــە ئەمە لەگەڵ من رووی نـــەداوە و باوەڕیش ناکەم رووبدات، بە راســـتی ئەم پروپاگەندە منی بێزار کرد لەرووی دەروونییەوە، وا هەســـت دەکـــەم خەڵك هەمـــوو جۆرە یەکتر ناســـین و پەیوەندییەك بە خۆشەویستی دەزانن.

لەلایەکـــی دیکەوە نورگول وتـــی: دوای جیابوونـــەوەم لە جیم ئۆزیری هاوســـەرم، ئێســـتا پەیوەندیمان زۆر باش و بەهێزە و یەکێکە لـــە نزیکترین هاوڕێکانم هەر واش دەمینێتـــەوە، چونکە لەو بڕوایەدا نیم هەستی رێز گرتنی نێوانمان بگۆڕێت، من متمانەی تەواوم پێی هەیە، بۆیە کە کارێکی زۆرم هەبێت یاخود زوو نەگەڕێمەوە کوڕەکەی خۆم دەبەمە لای ئـــەو، چونکە جگە لەوەی کە باوکییەتی لەبەر من زۆر ئاگاداری دەبێت و دەیپارێزێت.

## مهاباد ئیبراهیمی هونەرمەند:

# من خۆم ون کردووە بەڵام دەگەڕێمەوە

**لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە دایک و باوکێکی دەڤەری بادینان و لە خێزانێکی کوردپەروەر و پێشمەرگە لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨١ دەستی بە گۆرانیی وتن کردوەو ساڵی ١٩٨٦ یەکەم کاسێتی بڵاوکردەوە و بەردەوام بوو لە کاری هونەری و گۆرانیی وتن، مهاباد ئیبراهیم ئێستا لە ئەمریکا نیشتەجێیە و لەم دیمانەیەی گوڵاندا باس لە چەند لایەنێکی ژیانی خۆی دەکات.**



**• لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٤ تۆ وەك یەکێك لە گۆرانیبێژە ئافرەتە دەگمەنەکان دەرکەوتی لەو ساتەدا بە هێز لە گۆڕەپانی هونەری کوردی بووی، بەڵام دواتر لە ناکاودا ون بووی و ئەو دەرکەوتنەت نەما، دەکرێ بزانین هۆکارەکانی ئەم دوورکەوتنە چی بوون؟**

- لە ساڵی ١٩٩٢ من و خوشکم سەردانی کوردستانمان کرد ئەو کات دایك و باوکم لە ئێران بوون و ئەو کات کاسێتێکم بڵاو کردەوە کە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و منی زیاتر ناساند، چەند گۆرانییەکی زۆر ناسران لەوانە ( بۆ کێ بکەم گازی و هەوار) کە لە تێکستی مامۆستا زێبارییە و بۆ کارەساتی ئەنفال وتراوە بۆیە کلیپیشم بۆ کرد، گۆرانی بێی تە سارە ژیانا من کە دوو کلیپم بۆی کرد، گۆرانی (کوردستان من هێلینا ئەڤینێی )، هەروەها لە کوردستان چاوم کەوت بە مامۆستایان جەمال محەمەد و مامۆستا نەسرەت حوسێن و و موزیسیان بەرەڤان هەر ئەوانیش کە لە تیپی دهۆك بوون کاریان بۆ کردم، پێشتر دوو کاسێتی دیکەم بڵاوکردبۆوە، من دەمویست خوێندنی بواری موزیك تەواو بکەم و بڕوانامەی دکتۆرا بە دەست بهێنم و لە کوردستان خزمەت بکەم، بۆیە چەند هۆکارێکی تایبەت بە ژیانی خێزانیم وایانکرد کە نەتوانم وەکو پێویست بەردەوام بم لە کاری هونەری.

*** خانەوادەکەت چۆن هاوکارت بوون؟**

- من خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕ پەروەردە بووم و هەستی کوردایەتی و وڵاتپارێزییان لە ناخی ئێمەدا روان بۆیە ئێستاش کە لە ئەمریکا دەژیم تەنیا جەستەم لێرەیە هۆش و هەست و بیرم هەمووی لە کوردستانە، بارودۆخی ژیانی من زۆر سەخت بوو ئەگەرچی زۆریش حەزم دەکرد بەردەوام بم لە کاری هونەری و ژیانی شۆڕشگێڕی باوکم هاندەرێکی زۆر بە هێز بوو بۆ من و بوونە هۆی ئەوەی خولیای هونەر لای من زیاتر بێت، ئەگەرچی من لە تەمەنێکی زوودا کەوتە نێو ژیانی هاوسەرێتی بۆیە هیچ خۆشی و تامێکم لە ژیانی منداڵی نەبینی، لە ساڵی ١٩٨١ لە ئەمریکا گۆرانیم وت لەگەڵ رەمەزان یوسفی هاوسەرم، هەروەها چەند کاسێتمان بە یەکەوە تۆمار کرد بێ ئەوەی کەسێك یارمەتیم بدات، ئێستاش لە نێو کوردەکانی ئەمریکا بەتایبەتی جوولەکەکان ناوبانگێکی باشم هەیە، تا ١٩٩٤ بەردەوام بووم دواتر وەستام هیچ بەرهەمێکی نوێم نەبوو تا ساڵی ٢٠٠٥ یەکەم ئەلبوومی خۆم بە تەنیا بڵاو کردەوە بە ناوی (هەی دنیاێی ) کە تێکستەکانی زیاتر خەلەف زێباری و رەمەزان یوسف بوون، ئەمەش تا رادەیەك زەحمەت بوو بۆ من وەکو ئافرەت بەتایبەت لە ئەمریکا بۆیە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە بەشێوەیەکی پروفیشناڵی نەبوو، بەشێکمان ناردە کوردستان، بەشێکیان لێرە لە ئەمریکا، بۆیە بەو شێوەیەی من دەمویست بڵاو نەبۆوە و خەڵکیش وەکو پێویست ئاگاداری نەبوون، ئەگەرچی لە بارودۆخێکی ناسەقامگیری دەروونی بڵاوم کردەوە، بەڵام کارێکی خراپ نەبوو وخەڵك پێشوازییەکی باشی لێکرد، لە ٢٠٠٨ ئەلبوومی ( کاروانی

پیرۆزم) بڵاوکردەوە زۆربەی تێکستەکانی ئەدیب چەلکی و ڕێکێش ئامێدی و خەلــەف زێباری بوون، تەواوی خەرجی ئەم دوو ئەلبوومــە و گۆرانییەکانی (بۆ کێ بکەم گازی و هــەوار) کە بــۆ ئەنفال بوو و گۆرانی ( شــیلانا من تو کانێ ) کە بەسەرهاتی کچێکی هەڵەبجەیە لە دایك و باوکی جیا دەبێتەوە لە گیرفانی من بــوو، هەروەها لە ئەلبوومی (کاروانی پیرۆز) گۆرانییەکی تایبەتم گوت ســەبارەت بە خەباتی باوکی ڕۆحی کورد بارزانیی نەمر کە لە تێکســتی ئەدیب چەلکییە.

*** دوای ســاڵانی ٢٠٠٣ هونەری کوردی پێشــکەوتنی بەخۆیەوە بینی لەو کاتەدا تۆ دوورکەوتیتەو، ئەم دوورکەوتنە چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانت هەبوو؟**

- بێگومــان کاریگەرییەکی خراپــی هەبوو، چونکە من دەمویســت لە بواری هونەریدا کاری بــاش ئەنجام بدەم و خوێندنی خۆیشــم تەواو بکەم، بەڵام چەنــد بارودۆخێکی تایبەتــی ژیانی خۆم ڕێگر بــوون لەوەی ئەمە بێتە دی بە جۆرێك لە زۆر ڕووەوە ئازادیم لە دەســت خۆم نەبوو تەنانەت ئازادی ئەوەم نەبوو بێم بەرهەمەکەی خۆم بڵاو بکەمەوە، لە هەمان کاتدا کەســێك نەبوو پشتگیریم بکات، بۆیە هەموو ناخۆشی و مەینەتییەکانی خۆم لە ڕێگای گۆرانییەکانەوە دەخستە ڕوو، پێموایە هەموو ئافرەتە هونەرمەندە کوردەکانیش هەمان گرفت و ئاســتەنگیان هەیە، بۆیە ئەو دەرفەتانەی کە لە دوای ســاڵی ١٩٩٧ بۆ هەندێك هونەرمەند ڕەخســا بۆ منیش ڕەخســابا دەمتوانی خزمەتێکی زیاتر بە هونەری کوردی بگەیەنم بۆ من لەڕووی شەخسیشــەوە زۆر باشــتر دەبوو.

*** تا ئێســتا بیرت لەوە نەکردووەتە بە یەکجاری بێی لە کوردستان نیشــتەجێ بیت و ژیانی خۆت لێرە بەسەر بەریت؟**

- مــن زۆر حەز دەکــەم بە یەکجاری بێم لە کوردســتان نیشــتەجێ بم و لەڕووی هونەرەوە خەبات بکەم، میللەتەکەم پشــتیوانی و هاریکاریــم بکەن، دەمــەوێ بزانن من چۆن خزمەتی هونەری کوردیم کردووە لە ڕۆژە سەختەکان و چۆن یەکێك بووم لە قوربانییەکانی دەســتی دابونەریتە کۆنەکان کۆمەڵگا، چۆن لە ســاڵی ١٩٨١ وە دەستم بە گۆرانی کرد و تا ئێســتاش بەردەوامم و لە تەمەنی ١٢ ســاڵیدا ئاوارە و دەربەدەر بووم و شوناســی خۆم ون نەکرد، لە ســەردەمێك کۆنســێرتم ئەنجام داوە کە ئــەو کات زۆر دەگمەن بوو لەو بارودۆخەی کوردســتان، ئێستا لە بارودۆخێکی وا دەژیم کە ناتوانم لەســەر ئەرکی خۆم بێم لە کوردستان گۆرانی تۆمار بکەم و کۆنســێرت ئەنجام بدەم، ئــەم بارودۆخە وایکردووە کە خەمێکی زۆر باڵ بەســەر ژیانمدا کێشــاوە، چونکە لە دڵەوە حەز دەکەم خزمەتی میللەتەکەم دەست بکەم و ناتوانم هیچیان بۆ بکەم.

*** ئێســتا هیچ بەرهەمی ئامادەت هەیە کاتێك گەڕایەوە پێشکەشی بکەی؟**

- زۆربــەی گۆرانییەکانم ون بوون، من ئێســتا ٤٠-٥٠ گۆرانــی ئامادەم هەیــە کە زۆربەیان لە ئــاوازی خۆمە، بۆیە دەمــەوێ لەگەڵ گرووپێکی پرۆفیشــناڵی کوردی دانیشــم و ئەو گۆرانیانە کە هــی خۆمە ئامادەیان بکەم و لە کۆنســێرتێکدا پێشکەشیان بکەم، من ماوەیەکە ون بووم و پێویستە ئاشنای جەماوەر ببم، چونکە تەنانەت لە ئەمریکاش ئەگەر هونەرمەندێك بۆ ماوەی چەند مانگێك کاری نوێی نەبێت ون دەبێت بۆیە من گلەیی لە خۆم دەکەم، چونکە من خۆم ون کردووە و دڵنیام جەماوەر منیان خۆش دەوێ و منیان لە بیر نەکردووە و ڕێزم دەگرن، من نەهاتوومەتەوە کوردستان تــا گلەییان لێبکەم، من لێرەوە دەڵێم ئەم ســاڵ ســەردانی کوردستان دەکەم و ســەر لە نوێ دەست بە کاری هونەریی دەکەم و دڵنیام خەڵك پێشوازیم لێدەکەن.

